www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:34 20-11-2005

# دەنگدان لە پێشبرکیی کورتە چیرۆک ... شوان بیبانی

You have already voted،
Your last vote was not added to the results



کاتێك کە وویستم بەشداری بکەم لە دەنگدان لە پێشبرکیی کورتە چیرۆکی کوردستان نێت و دەنگی خۆم بدەم ئەوا یەکسەر ئەو رستەیەی سەرەوەم بۆ هات کە گوایە من دەنگم داوە و ئەم دەنگدانەی دواییم بۆ ناخرێتە سەر دەرئەنجامەکانی تر کەچی لە راستیدا من دەنگم نەداوە بەلام لەوانەیە هەڵەیەکی تەکنیکی لە خودی دەنگدانەکەدا هەبێت بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت لە یەکجار زیاتر دەنگ بدات ئەمەیان شتێکی باشە بەلام خراپەکەی لەوەدایە کە هەر نەهێڵێت دەنگ بدەیت گوایە تۆ دەنگت داوە. هەموو دەزانین هیچ مەکسەبێکی ماددی لە دوای ئەم دەنگدانەوە نییە و تەنها شتەکان مانایین و ئەبێتە دەنگدانێك بۆ ئەوانەی کە وەکو من رۆژێك لە رۆژان چیروکمان دەنووسی بەلام باری سەختی ژیان نەیهێشت ئەو ئاواتەمان بەردەوام بێت و باری سەختی کوردستان و تەکتولاتی حیزبی بە هیچ شیوەیەك جیگای ئەدەبی تیادا نەدەبووەوە. بۆیە زۆری وەکو من کە لەم سالانەی دواییدا روو لە بازاری کتێب فرۆشان دەکەین ئەوەندە ناوی کتێبی تازەو نووسەری تازەی کورد دەبیسین هەست دەکەین عەرەب ووتەنی ئیمە لە دۆڵێك وئەوان لە دۆڵێك دان. ئەگەر زەمانە بەم شێوە سەختەی ئەم 15 سالەی دوایی نەبووایە لەوانەیە ئێمەش ئیستا کتێبێك یا چەند کتێبی چاپکراومان هەبووایە کەچی من و ئەوانەی وەکو منن تاکە کتێبە بی نازکەوتوەکانمان لە سەر رەفی کتیبخانە کانی ماڵەوەماندا کەوتووە و چەند هەوڵی چاپکردنیمان داوە بەلام بی سوود هەروا بی ناز ماونەتەوە. ئێمە ئەوسا لە جیاتی کتیب و رۆژنامە بلاوکردنەوە کۆمەڵیك کەس بووین ڕوو مان لە ڕادیۆ خۆجییەکانی خۆمان کردبوو وەك دەزانن رادێوش لە سەرەتای نەوەدەکاندا بووبووە خولیای هەموو حیزبەکان بۆ ئەوەی بیروڕای خۆیانی تیدا بلاو بکەنەوە کە ئەوساش ئەدەب دووبارە سپەیسێکی کەمی لە و رادیویانەدا دەگرتەوە و ئەدەبی رادیۆش وەکو ئەدەبی نووسراو نییە چونکە هەر کە بەرنامەکە تەواو بوو ئەو پارچە ئەدەبە دەکوژێتەوە. بە هەر حاڵ دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی دەنگدانەکەی پێشبرکیی چیرۆکی کوردی لە مالپەری کوردستان نێت ئێمە لە شوێنی کارەکەمدا (80) هەشتا کۆمپیوتەرمان لە تۆریکی ناوخۆدا بەستراوە بە ئینترنێتەوە بەلام تەنها یەك خەتی Real IP مان هەیە واتە ئیمە تەنها یەك دەنگ مافی دەنگدانمان هەیە چونکە وا پی دەچێت کە مەسەلەی دەنگدانەکە پشت بە Proxy ئێمە ببەستێت کە لە ریگەی ئەو ەوە کۆمپیوتەرەکانی تر بەستراون بە ئینتەر نێتەوە. ئێمە بەشدار بوویەکی زۆرمان لە ئینترنێت هەیە بەلام بە هەر هەمووان مافی یەك دەنگمان هەیە باشتر وابوو ئەو دەنگدانە پەیوەست بووایە بە E-mail ی کەسەکەوە یاخود بە IP Address ی کۆمپیوتەرەکەوە کە ئەوسا لە ئیستا باشتر دەبوو چونکە دلنیام زۆری تریش هەن کە لە دەنگدان بیبەش بوون جا ئومێدمان وایە ئەو حاڵەتەمان بۆ چاك بکەنەوە.